# گۆڤاری گوڵان تیپی گۆڕەپان و مەیدانی کچانی یانەی ئاڵا بەسەر دەکاتەوە

**تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی ئاڵا لە ئاســتی کچان بە بەشـــداری زیاتر لە ١٥یاریزان ماوەی سێ مانگە دامەزراوە، لە یەکەم بەشـــداری کردنیان لە پاڵەوانێتی گۆڕەپان و مەیدانی یانەکانی کوردستان توانیان پلەی ســێیەم لەســەر ئاستی کوردســـتان بەدەســت بهێنین، ماوەی زیاتر لە دوو هەفتەیە لە خۆئامادەکردن دان بۆ بەشـــداری کردن لە پاڵەوانێتی کوردســـتان، کە بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیك لە شـــاری دهۆك ئەنجام بدرێت، ئێمەش بۆ تیشك خســـتنە سەر ئامادەکردنی کچانی یانەی ئاڵا بۆ ئەم پاڵەوانێتیە، ئەم راپۆرتەمان ئەنجامدا.**

ســـەرەتا راهێنەری یانەی ئاڵا (رێبوار محییەدین) لە بـــارەی خۆئامادەکرنیان وتی "ماوەی ســـێ مانگە سەرپەرشتی ئـــەم تیپە دەکـــەم، یانەی ئـــاڵا دوای دامەزرانـــدی ئەم تیپە بـــۆ ماوەی ١٥ رۆژ توانیمان بەشـــداری لە پاڵەوانێتی گۆڕەپان و مەیدانی یانەکانی کوردستان بکەین و پلەی ســـێیەم لەســـەر ئاستی نۆ یانەی کوردســـتان بەدەســـت بهێنین، ئەمەش دەستکەوتێکی باش بوو بۆ ئێمە، چونکە کۆکردنەوەی تیپی کچان ئەرك و ماندووبوونێکی زۆری دەوێ، بەشداری کردن لە پاڵەوانەتیەکانیش یاسا و تەکنیك و هونەری دەوێ، تاکو یاریزان دروســـت دەکەی زۆری دەوێ، هاتنی من لە یانەی هەولێر بۆ یانەی ئاڵا چەند کێشەیەك لە نێوان من و د. حوسێن راهێنەری یانەی هەولێر دروست بوو، هەرچەندە ماندوبوونی زۆرم دەکێشا بۆ دروســـتکردنی یاریزان، بەڵام لەوێ مـــاف و دەســـتکەوتەکانم دەخورا، بۆیە ناکرێت منیش کارێك بکەم و کەسێکی تر بیخوا، دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێریش دیارە ئەویان پێ باشتر بوو لەمـــن، بۆیە هاتمـــە یانەی ئاڵا و تیپی کچانم دامەزراند، ئێستا خەریکی خۆئامادەکردنین بە بەشداری ١٥ یاریزان بۆپاڵەوانەتـــی یانەکانی کوردســـتان و عێراق لە شـــاری دهۆك، یاریزانەکانیشم هەموویان تەمەنیان بچووکە، دەســـتەی کارگێڕی یاریزانیش پشتگیریەکی باشمان دەکەن، بۆیە منیش ئارەزووی ئەوە دەکەم بتوانم ئەنجامێکی باش بدەست بهێنم لە پلە کانی ســـەرەوە بین. بەڵام گەورەترین کێشـــەی ئێمە نەبوونی یاریگایەکە تایبـــەت بـــەم یارییە، لەهەموو هەولێریش یەك یاریگای تارتان هەیە ئەویش یاریگای یانەی هەولێرە".

یاریـــزان (فەیـــرۆز ســـەلاحەدین) لـــە دایکبووی ســـاڵی ١٩٩٤لە بـــارەی خۆئامادەکرنیـــان بۆپاڵەوانەتـــی گۆڕەپان و مەیدانی کوردستان وتی "رۆژانـــە خۆئامادەکردنێکی باش دەکەین لەســـەر دەســـتی راهێنەری یانەکەمان بۆئەوەی هەوڵبدەین ئەنجامێکی شایستە بەدەســـت بهێنین لە پاڵەوانەتی یانەکانی کوردستان". لە بارەی ئاستی ئەم یارییە لـــە کوردســـتانیش وتی "ئاســـتی ئەم یارییە لەگەڵ چەند ســـاڵێك پێش ئێستا زۆر جیاوازی بەخۆیـــەوە بینیوە، ئەوەش مانای پێشـــکەوتنی وەرزشـــەکەیـــە لە کـــوردســـتان، بەڵام نەبوونی یـا ریـــگا یـە کـــی تایبـــەت بەخۆمان بـــۆ ئـــەم یـارییە کێشـــەی ئێمەیـــە، بە هیوای ئەوەشین بەزووترین کات یاریگایەکمان







بۆدرووست بکەن لەگەڵ یاریگایەکی داخراو".
یاریزان (بنار عەزیز) لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٢ وتی "ماوەیەکە رۆژانە دێینە یاریگای یانەکەمان و خۆمان ئامادەکەین بۆ پاڵەوانەتی کوردستان بۆئەوەی بتوانین ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنین لەگەڵ یاریزانان و راهێنەری یانەکەمان، ئێمە لێرە بە کۆمەڵێك گرفتی وەرزشیەوە رۆژانە مەشقەکانمان بەرێ دەکەین، کێشەی هەرە سەرەکی ئێمە نەبوونی یاریگایەکە تایبەت بەم یارییە، یانەکانی کوردستان گرنگی باش بەم یارییە دەدەن، بەڵام نەبوونی یاریگایەکی تایبەت ئەوا کێشەیەکی گەورەیە، حەزیش دەکەین کچان زیاتر روو لەوەرزش بکەن و خانەوادەکانیش زیاتر هانی رۆڵەکانیان بدەن، بۆئەم یارییە".

یاریزان (نەهلە ئیبراهیم) لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٥ وتی "ئاستی ئەم یارییە ئێستا بەرەوپێشچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە، چونکە بووکی یارییەکانە، لە کوردستانیش گرنگەیەکی تایبەتی پێدەدرێت، بە تایبەتی بۆکچان، ئێمەش ماوەیەکە لەمەشقێکی بەردەوام داین بۆئەوەی بتوانین وەکو پاڵەوانەتی پێشوو ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنین، بەڵام ئێمە کێشەکمان هەیە ئەویش نەبوونی یاریگایەکی تارتانە بۆئەم یارییە، ئەگەر لەماوەیەکی نزیك ئەم کێشەیەمان چارەسەر ببێت، دەتوانم بڵێم ئەنجامی باشتر بەدەست دەهێنین لەسەر ئاستی کوردستان".

یاریزان (ژاکاو رۆستەم) لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٣ لە بارەی ئاستی ئەم یارییە بۆکچان وتی "ئەم یارییە یەکێکە لە یارییە هەرە خۆشەکان بەلای من، لە یانەکانی کوردستان گرنگی تایبەتی پێدەدرێت، رۆژ بە رۆژیش تیپەکانی کچان روو لە زیاد بوونە، ئێمەش وەکو یانەی ئاڵا ئێستا سەرقاڵی خۆئامادەکردنین بۆ پاڵەوانەتی کوردستان بۆئەوەی بتوانین رەنجی ماندووبوونەکەمان بدەین، بەڵام کێشەی سەرەکی ئێمە نەبوونی یاریگایەکی تایبەت بەم یارییە لە کوردستان"، وتیشی "هیوادارم خانەوادەکانی تر وەکو ئێمە ئازادی بە کچەکانیان بدەن بۆ وەرزش کردن".

یاریزان (ئیمان داود) لە دایکبووی ساڵی ١٩٩١ وتی "ئاستی یاری گۆڕەپان و مەیدانی کوردستان ئێستا لە جاران باشترە ئەویش بەهۆی زیاتر خزمەتکردنی یانەکان بۆ ئەم یارییە، ئێستاش رۆژانە لەسەر یاریگای یانەکەمان خەریکی خۆئامادەکردنین بۆ پاڵەوانەتی کوردستان و عێراق لە شاری دهۆك، بەڵام گرفتی ئێمە نەبوونی یاریگایەکی تایبەت بەخۆمانە بۆئەم یارییە، سوپاسی دەستەی کارگێڕی و راهێنەری یانە دەکەین کە هاوکاریەکی باشمان دەکەن، هیواداریشم بتوانین لە داهاتوویەکی نزیك دەستکەوتێکی گەورە بۆئەم یانەیە بەدەست بهێنین".



# ماڵپەڕی گوڵان سپۆرت کرایەوە

بۆ خزمەتی وەرزشـــوانان و هەوادارانی وەرزش لە کوردســـتان، ماڵپەری گوڵان میدیا بە پێوســـتی زانی پێگەیەکی تایبەت بە وەرزش بکاتەوە.
گوڵان سپۆرت، ماڵپەڕێکە بۆ هەمووان، نوێترین هەواڵی وەرزشی ناوخۆیی و جیهانی تێدا بڵاو دەکرێتەوە، و خشتەی گرنگترین خولە جیهانی و نێوخۆییەکانی تێدایە، بەوردەکارییەکانییەوە.
گوڵان سپۆرت، بیروڕای ئێوە بڵاو دەکاتەوە، و دەبێتە دووانگەیەك لەنێوان وەرزشوان و هەواداران و رۆژنامەنووسانی وەرزشی.
گوڵان ســـپۆرت، وەرزشوانە دێرینەکان و ئەستێرەکانی ئێستای بمواری وەرزش بەســـەر دەکاتەوە، وبەدیمانە بڵاویان دەکاتەوە، ئەمە جگە هەرجارەو راپۆرتێك لەسەر کێشەیەکی وەرزشی بڵاو دەکاتەوە، و هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدات.
لەگوڵان سپۆرت نوێترین ڤیدیۆ، و گەلەری یاریزانان ببینە، و هەرجارە رای خۆت لەســـەر ئەو راپرسییە بدە کە بۆمان ئامادە کردوون.

www.gulan-media.com/sport




# رۆناڵدینهۆ:
## رێز لە بڕیاری دۆنگا دەگرم

لە وەڵامی پرســـیارێکی کەناڵی ســـکای تی ڤی ســـەبارەت بـــە مانەوەی لە یانەی ئای ســـی میـــلان رۆناڵدینهۆ وتی: نازانـــم، دواتر لە زوومـــی کامیرا دوورکەوتـــەوە دواتر لێیان پرسی هۆکاری دوورخستنەوەت لە ریزی هەڵبژاردەی بەرازیل چی بوو؟ رۆناڵدینهۆ وتی "دیارە لە وەرزی ئەمســـاڵ ئاستم وەکو پێویســـت نەبووە، بۆیە دۆنگا بانگهێشتی نەکردم و من بەو پەڕی گیانی وەرزشـــیەوە وەریدەگـــرم و رێزی لێدەگرم".
جێگەی باســـە رۆناڵدینهـــۆی تەمەن ٣٠ ســـاڵ لە وەرزی ئەمساڵدا ١٢ گۆڵـــی لە خولی ئیتاڵیا تۆمار کردووە.





# سەیرترین ٥ مۆدێل-ی داهێنانی قژ لە مێژووی مۆندیال

لە کاتی دەستپێکردنی مۆندیال لە ساڵی ١٩٣٠ تا ئێستا چەندین شتی سەیر و سەمەری روویداوە، بەڵام بە پێویستمان زانی سەیرترین ٥ مۆدێل داهێنانی قژـی یاریزانەکان لە مۆندیال دەست نیشان بکەین، کە بە شێوازێکی زۆر سەیر قژەکانیان دادەهێنا، ئەمەش بەمشێوەیە.

١- قژی رۆناڵدۆ یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل لە جامی جیهانی ٢٠٠٢ کە توانی لەگەڵ هەڵبژاردەکەی جامەکە بە دەست بهێنێت.

٢- وەکو لەم وێنەیە دیارە یاریزانانی هەڵبژاردەی رۆمانیا لە جامی جیهانی ١٩٩٨ لە فەرەنسا لە دواین یارییان گشت یاریزانەکان قژیان بە رەنگی زەرد سبوغ کرد وەکو هێمایەك بۆ ئاڵای رۆمانیا.

٣- یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە دێڤید بێکهام هەردەم بە مۆدێلەکانی قژی بەناوبانگە لە جامی جیهانی ٢٠٠٢ قژی بە شێوازێکی جیاواز داهێنا، کە بۆوە جێگەی سەرسوڕمان.

٤- لە جامی جیهانی ٢٠٠٢ هەردوو یاریزان زینگە یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و ئومێد داڤالا یاریزانی هەڵبژاردەی تورکیا قژیان بەمشێوەیە لێ کردبوو، کە تیاییدا لەم مۆندیالە بە ناشیرنترین مۆدێل دەست نیشان کرا.

٥- یاریزانی هەڵبژاردەی ژاپۆن ناکاتا لە مۆندیالی ١٩٩٨ قژی بە رەنگی سۆر و پرتقاڵی رەنگ کردبوو، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی دوای مۆندیال لە یانەی پیرۆجیا یاری بکات، کە رەنگی درێسەکانی هەمان رەنگی قژی بوو.